له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# وەڵام دانەوەی پرسیاری خوشكان

## وەڵامی هەموو گومان و بیانوی ئەو خوشكانەیە كە باڵا پۆش نین


نوسینی

م. صلاح الدين عبدالكريم



چاپی دووەم ١٤٣٣ك / ٢٠١١ز


---


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

# پێشەکی:

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ سُورَة آلِ عِمْرَان

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾﴾ سورة النِّسَاءِ

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾﴾ سُورَة الأَحْزَابِ

أَمَّا بَعْدُ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَأَحْسَنَ الْهَدْىِ هَدْىُ مُحَمَّدٍ(ﷺ) وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ.

پاش ئەوی کە شەیتان سەرپێچی فەرمانی خوای گەورەی کرد، خوای گەورە لەڕەحمەتی خۆی دەری کرد، ئەویش بەڵێنی دا کەوا کەم تەرخەمی نەکات لەفریودانو لەڕێ دەرکردنو گومڕاکردنی بەندەکان، وەسوێندی خوارد بە خوای گەورە کەدەبێت هەموویان گومڕا بکەم تەنها بەندە دڵسۆزو نیەت پاكو خواپەرستەکان نەبێت کەتوانای بەسەر ئەواندا نیەو ئەوان خۆیان یەکلا کردۆتەوە

بۆ خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغْوِيَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ ﴾ (ص: ٨٢ - ٨٣)

بۆیە هەموو ڕێگاو هۆکارێکی گرتەبەر بۆ ئەم مەبەستە، بۆنموونە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت:

«إِنَّ الشَّيْطَانَ قَعَدَ لابْنِ آدَمَ بِطَرِيقِ الإِسْلامِ فَقَالَ لَهُ تَسْلَمُ وَتَذَرُ دِينَكَ وَدِينَ آبَائِكَ فَعَصَاهُ فَأَسْلَمَ فَغفَرَ لَهُ فَقعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْهِجْرَةِ فَقَالَ لَهُ تُهَاجِرُ وَتَذَرُ أَرْضَكَ وَسَمَاءَكَ فَعَصَاهُ فَهَاجَرَ فَقَعَدَ لَهُ بِطَرِيقِ الْجِهَادِ فَقَالَ لَهُ تُجَاهِدُ وَهُوَ جَهْدُ النَّفْسِ وَالْمَالِ فَتُقَاتِلُ فَتقْتَلُ فَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ وَيُقْسَمُ الْمَالُ فَعَصَاهُ فَجَاهِدَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَمَاتَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ أَوْ قُتِلَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ وَإِنْ غرِقَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ أَوْ وَقَصَتْهُ دَابَّةٌ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةُ » (صحيح ابن حبان: ج ١٠ / ص ٤٥٣ ، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: رقم: ١٦٥٢ ).

واتە: (شەیتان لەسەر هەموو ڕێگاکانی چاکەو خواپەرستی بۆ مرۆڤ دادەنیشێتو ڕێی پێدەگرێت سەرەتا کەدەیەوێت موسڵمان بێت، شەیتان پێی دەڵێت ئایە موسڵمان ئەبیتو واز لەدینی خۆتو باو باپیرانت دێنیت؟ جا مرۆڤ سەرپێچی شەیتان دەکاتو موسڵمان دەبێت، وەکەدەیەوێت کۆچ بکات لەوڵاتی کافرانەوە بۆ

وڵاتی موسڵمانان دیسان شەیتان ڕێی پێ دەگرێتو گومانی بۆ دروست دەکاتو پێی دەڵێت ئایە کۆچ دەکەیتو واز لەماڵو زەویو ئاسمانت دێنیت ؟

پاشان مرۆڤ بەقسەی شەیتان ناکاتو کۆچ دەکات .پاشان ئەم مرۆڤە دەیەوێت لەپێناو خوای گەورەدا جیهاد بکات، شەیتان لێرەشدا ڕێی پێدەگرێتو گومانی بۆ دروست دەکاتو پێی دەڵێت ئایە جیهاد دەکەیت تابکوژرێیتو خێزانەکەت لەپاش خۆت شوو بکاتەوەو میراتیەکەت دابەش بکرێت؟!! نەکەیت جیهاد بکەیت پاشان ئەم مرۆڤە بەقسەی ناکاتو جیهاد دەکات، جا هەرکەسێك سەرپێچی شەیتان بکاتو بەقسەی نەکات بەم شێوازەو ئەم کارانە ئەنجام بدات بۆ خوای گەورە، ئەوە خوای گەورە بەحەقی داناوە لەسەر خۆی کەبیکاتە بەهەشتەوە ).

هەروەها پێشەوا **"ابن القيم"** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرمووێت: (( شەیتان بۆ گومڕا کردنی مرۆڤ هەموو ڕێگاو شێوازێکی لەگەڵدا بەکار دێنێت، سەرەتا هەوڵ دەدات تووشی شەریك بڕیاردانی بکات، ئەگەر ئەو کەسە یەکخواپەرست بوو بەقسەی شەیتانی نەکردو شەریکی بۆ خوا دانەنا، ئەوا هەوڵ دەدات تووشی بیدعەی بکات، جا ئەو کەسە ئەگەر پەیوەست بێت بە سوننەتەوەو بیدعە نەکاتو سەرپێچی شەیتان بکات، ئەوە هەوڵ دەدات تووشی تاوانە گەورەکانی بکات، جا ئەو کەسە ئەگەر بەقسەی نەکرد، شەیتان هەوڵ دەدات تووشی تاوانی بچوکی بکات، ئەگەر زۆر خواپەرستو لە خوا ترس بوو هەر بەقسەی نەکرد ئەوا هەوڵ دەدات بەشتی موباحەوە سەرقاڵی بکات تاسەر قاڵی پەرستنو کاری چاکە

نەبێتو پاداشت وەرنەگرێت، جا ئەگەر بەقسەی شەیتانی نەکرد ئەوا هەوڵ دەدات سەرقاڵی بکات بەو کردوانەی کەکەمتر پاداشتی لەسەرە نەك ئەو کردەوانەی کەپاداشتی زۆری لەسەرە».

بەم شێوازە شەیتان لەهەوڵو تێکۆشانی بێ ووچان دایە تا زۆرترین کەس لەگەڵ خۆیدا بکاتە ناو ئاگری دۆزەخەوەو لەدونیاشدا بەدبەختیان بکات، جازۆر کەس هەیە هەر لەقۆناغی یەکەمدا تەسلیم بەشەیتان دەبێتو شەریك بۆ خوا دادەنێتو دۆزەخ بەهەمیشەیی بۆخۆی مسۆگەر دەکات و بەهەشت لەسەر خۆی حەرام دەکاتو کردەوەکانی بەتاڵ دەکاتەوە .

وە زۆر کەسی تر لە قۆناغی دووەمدا چۆك بۆ شەیتان دادەدەنو گوێڕایەڵی دەکەنو پشت لەسوونەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەکەنو غەرقی ناو بیدعە دەبن،

وە زۆر کەسی تر لەقۆناغی یەکەمو دووەم ڕزگاری دەبێتو یەکخواپەرستەو لەسەر سوننەتە، بەڵام لەقۆناغی سێیەم تێك دەشکێتو تووشی تاوانی گەورە دەبێتو شایەنی سزای خوای گەورە یان نەفرەتی خوای گەورە یان غەزەبی خوای گەورە یان بێبەری بوونی پێغەمبەری خوا(ﷺ)دەبێت، یەکێك لەو تاوانە گەورانەی کە ئافرەتانێکی یەکجار زۆر وەڵامی شەیتانیان داوەتەوەو سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکەن وەخۆیان ڕووبەڕووی نەفرەتی خوای گەورەو سزای ئاگری دۆزەخ دەکەنەوە بریتی یە: لە خۆدانەپۆشینیانو

دەرخستنی جوانی خۆیان بۆ پیاوانی نامەحرەمو نەپۆشینی پۆشاکی شەرعی کە حیجابە .

کە لەئەنجامدانی ئەم تاوانە گەورەیەدا شەیتان چەندەها گومانو شوبهەی لاوازی بۆ هێناون تابیکەنە بەڵگە بەدەستیانەوە بۆ نەپۆشینی حیجاب، بەلاَم لەڕاستیدا هەموو بیانووەکانیان لەماڵی جاڵجاڵۆکە لاوازترە،ئێمەش لێرەدا بەگوێرەی تواناو زانستی کەممان هەوڵمان داوە ئەو بیانووانە هەڵ بوەشێنینەوە بەبەڵگەی قورئان یان سوننەت یان عەقڵی سەلیم کەیەك دەگرێتەوە لەگەڵ قورئانو سوننەتدا، بەئومێدی ئەوەی کەسانێکی دڵ زیندو وحەق ویست سوودی لێببینن‌و بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورەو لەخەوی غەفڵەت بەئاگابێنەوە، تاهەلی تەمەنیان لەدەست نەداوەو فریای خۆیان بکەون‌و سەرپێچی نەفس‌و شەیتان بکەن‌و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکەن تابەختەوەرو ئاسوودەبن لەدونیاداو بەهەشتو ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بێنن لەڕۆژی قیامەتدا کەمەبەستو ئاواتو ئومێدی هەموومانە { خوای گەورە بێبەشمان نەکات لێی} جا ئەوەی کەحەق‌و ڕاست بێت وە پێکابێتم لەخوای گەورەوەیەو ئەو خاوەنی هەموو فەزڵ‌و چاکەیەکە، وەئەگەر لەشتێکدا هەڵەم کردبێت‌و نەم پێکابێت ئەوە لەنەفس‌و شەیتانەوەیەو دینی خوا لێی بێ بەریەو داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە دەکەم خوای گەورە لەهەموو لایەکمان خۆشبێت.

داواکارم لەخوای گەورە ئەم کارەو سەرجەم کارو ووتەکانی ترمان تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێتو بەشی هیچ کەسێکی تری تێدا نەبێتو لێمانی وەربگرێتو بیکاتە توێشوی قیامەتمان.

## یەکەم:

### لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم گەرمام دەبێت بەتایبەتی لەهاویندا ؟؟!!

**وەڵام:** ڕاستە پۆشینی حیجاب لەهاویندا زۆر گەرمەو ئافرەت ئازار دەدات، بەڵام ئەگەر بیربکەیتەوە کە جێبەجێ کردنی فەرمانی پەروەردگارتەو چ پاداشتێکی گەورەی بۆ داناویت ئەوە بێگومان لەسەرت سووکی دەکات، هەروەها بیرکردنەوە لەئاگری بڵێسە داری دۆزەخ کە سووتەمەنیەکەی خەڵكو بەردە: ﴿وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُ﴾ (البقرة: ٢٤) وەگەورەترین ئاگر لەدونیادا بەشێکە لە حەفتا بەشی ئاگری دۆزەخ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (نَارُكُمْ هَذِهِ الَّتِي يُوقِدُ ابْنُ آدَمَ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ حَرِّ جَهَنَّمَ). قَالُوا: وَاللَّهِ إِنْ كَانَتْ لَكَافِيَةً يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: (فَإِنَّهَا فُضِّلَتْ عَلَيْهَا بِتِسْعَةٍ وَسِتِّينَ جُزْءًا، كُلُّهَا مِثْلُ حَرِّهَا).

(البخاري / بدء الخلق/ ٣٠٩٢]، وانظر حديث رقم : ٦٧٤٢ في صحيح الجامع الصغير).

ئەوە دیسان ئاسانی دەکات لەسەرت، هەروەها بیرکردنەوە لەنزیك بوونەوەی خۆر لەساحەی مەحشەرو عارەق کردنی خەڵکیو نقووم بوونیان لەئارەقی خۆیان، وە بەرز بوونەوەی ئارەقەکەش بە ئەندازەی ئەو تاوانانەیە کەمرۆڤ لەدونیادا ئەنجامی دەدات، ئەوە دڵنیا دەبیت کە گەرمی دونیا زۆر ئاسانترە لەو گەرمیو ناخۆشیانە ﴿قُلۡ نَارُ جَهَنَّمَ أَشَدُّ حَرًّاۚ لَّوۡ كَانُواْ يَفۡقَهُونَ ٨١﴾ (التوبة: ٨١).

بۆیە پێویستە ئەم گومانەی شەیتان ڕەت بکەیتەوە بەقسەی نەکەیت پەلە بکەیت لەپۆشینی حیجابو ئارام بگریت لەسەر گەرمی دونیا تاخوای گەورە بتپارێزێت لە گەرمیو گڕو بڵێسەی ئاگری دۆزەخ، چونکە پاداشتی خوای گەورە هاوشێوەی کرداری مرۆڤە، گەرمای دونیا بچێژیت لەبەر ڕەزامەندی خوا ئەوا دڵنیابە خوای گەورە لەگەرمی ئاگری دۆزەخ دەتپارێزێت .

وەبزانە دەتوانیت ئارام بگریت لەسەر گەرمای دونیا بەلأم هەرگیز توانای گەرمی ئاگری دۆزەخت نییە !!! خوای گەورە هەموو لایەکمان بپارێزێت لێی.

## دووەم:

## لەوانەیە بڵێیت زۆر گرانە لەسەرم کە حیجاب بپۆشم ؟!

**وەڵام:** زۆر ڕاستە بەڕاستی زۆر قورسە لەسەر ئافرەت کەحیجاب بپۆشێتو ببێت بەبالآپۆش چونکە شەیتان واز لەهیچ کەس ناهێنێت بەئاسانی وەلآمی فەرمایشتەکانی خواو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بداتەوە بەڵکو چەندەها ڕێگرو بەربەستی بۆ دروست دەکات، وەچەندەها گومانی بۆ دەدۆزێتەوە وەتاوانی لا جوان دەکاتو بۆی دەڕازێنێتەوە، وەگوێڕایەڵی لەسەر زۆر قورس دەکات، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾﴾ (البقرة: ٤٥).

واتە: (بەڕاستی نوێژ کردن زۆر قورسو گرانە تەنها لای ئەو کەسانە نەبێت کەملکەچو گوێڕایەڵی خوای گەورەن) .

کەواتە: خوای گەورە ئاسانی دەکاتو شەیتان گرانی دەکات پێویستە لەسەرت پشت بەخوای گەورە ببەستیتو پەنای پێ بگریت لەفرو فێلو نەخشەو پیلانی شەیتان، خوای گەورە یارمەتیت دەداتو بۆت ئاسان دەکات .

هەروەها ئەوەی یارمەتی دەرت دەبێت ئەوەیە کەلەپێش تۆدا ئافرەتانێکی یەکجار زۆر حیجابیان پۆشیوەو تۆ تازەنیت بەڵکو کاروانێك لەپێش تۆدا ڕۆیشتووەو ئێستاش ئەو کاروانە بەردەوامە پێویستە تۆش چی تر دوانەکەویتو شوێن ئەو کاروانە بکەویت.

**هەروەها بزانە بەهەشتی خوای گەورە  زۆر بەنرخەو بەئاسانی دەست ناكەوێت بەڵكو كردارو هەوڵو تێكۆشانی دەوێت وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت:** (**ألا إِنَّ سِلْعَةَ اللَّهِ غَالِيَةٌ ألا إِنَّ سِلْعَةَ اللَّهِ الْجَنَّةُ**). (سنن الترمذي: ج ٤ / ص ٦٣٣، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: رقم: ٦٢٢٢).

**هەروەها بەهەشت دەور دراوە بەناخۆشیو تەنگو چەڵەمە دەبێت ئەم ناخۆشیو بەربەستانە ببڕێت پاشان دەگەیت بەبەهەشت، وە دۆزەخ دەورە دراوە بەشەهوەتو ئارەزو ئەگەر شوێنی ئارەزووەكان بكەویت ئەوە بەئاسانی دەتگەیەنێت بەدۆزەخ وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت:** (عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (**حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ، وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ**). [البخاري / الرقاق/ ٦١٢٢].

**هەروەها تۆ لە ژیانی دونیادا وەبۆدەست خستنی دونیات چەندەها كاری گرانو قورس ئەنجام دەدەیتو بەلاتەوە ئاساییە ئەی با بۆ دەست خستنی ڕەزامەندی خالقەكەتو بەهەشتی پانو بەرینی هەندێك شتی گران ئەنجام بدەیت .**

## سێیەم:

## لەوانەیە بڵێیت من گەنجمو تەمەنم زۆری ماوە پاش چەندساڵێکی تر حیجاب دەپۆشم؟!

**وەڵام:** ئەگەر دڵنیایت کە تا تەمەنی پیری نامریتو هەرلەژیاندا دەبیت بۆیە ئێستا حیجاب ناپۆشیتو بەنیازی لەساتە وەختەکانی تەمەنی پیریدا بیپۆشیت ئەوە زۆر بەهەڵەدا چوویت، چونکە خۆتیش بەچاوی خۆت دەبینیت کە چەندەها کەس هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیدا مەرگ یەخەیان دەگرێتو تەمەنیان کۆتایی پێدێتو ماڵئاوایی لە دونیای رووناك دەکەنو بەرەو گۆڕو ماڵی ڕاستەقینەیان بەڕێ دەخرێنو هەموو هیواو ئومێدو ئاواتیان لەگەڵ خۆیان لەگڵ دەنێن کەلەوانەیە لەناو خانەوادەو خزمەکانی خۆتدا چەند کەسێکتان لەتەمەنی گەنجیدا مردبێت، ئیتر چۆن ڕێگە بەخۆت

دەدەیت کەبەم بیانووە لاوازە خۆت بخەڵەتێنی کە زەرەرمەندی سەرەکی خۆتیت وەهیچ عوزرێکت نابێت لای خوای گەورە خۆ ئەگەر ئەجەلیش هات ئەوە یەك چرکە نەپێش دەخرێت نەدوا دەخرێت وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمۡ لَا يَسۡتَـٔۡخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسۡتَقۡدِمُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾ (الأعراف: ٣٤).

ئەو کاتە چەندێك هاوار بکەیتو بڵێیت: ﴿ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكۡتُۚ ﴾ (المؤمنون: ٩٩ - ١٠٠).

واتە: هەرچەند بڵێیت خوایە پەروەردگار بم گەڕێنەوە بۆ دونیا بەڵکو کردەوەی چاك ئەنجام بدەمو گوێڕایەڵیت بکەم، پێت دەوترێت: ﴿كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ﴾ (المؤمنون: ١٠٠).

نەخێر بەهیچ شێوازێك گەڕانەوە نییە بۆ ژیانی دونیا ئەمەوشەیەکە تۆ دەیڵێیت بەڵکو لەژیانی بەرزەخ لەناو گۆڕ دەمێننەوە تاڕۆژی زیندو بوونەوە لەقیامەتدا، وە ڕەحمەت لە ئیمامی شافعی بێت کە دەفەرمووێت :

**تزود من التقى فإنك لاتدري**

**إذا جنَّ ليلٌ هل تعيشُ إلى الفجر**

زۆر تەقوای خوابکە چونکە تۆنازانیت

ئەگەر شەو داهات تۆ دەژیت تابەیانی

**فكم من صحيح مات من غير علة**

**وكم من سقيم عاش حيناً من الدهر**

چەند لەش ساغ مردن بەبێ نەخۆشی

چەندەها نەخۆشیش سەردەمانێك ژیان

**واتە:** بەنەخۆشیو ساغیو گەنجیو پیری نییە، بەڵکو ئەجەلەو کەسیش ئەجەلی خۆی لێوە دیار نییەو نازانێت کەی دەمرێت .

پاشان ئەگەر لەتەمەنی گەنجیدا خۆت دانەپۆشیتو حیجاب نەپۆشیتو لەتەمەنی پیریدا بیپۆشیت ئەوە ئەجرو پاداشتێکی زۆر لەدەستی خۆت دەدەیت وەزۆر

ئازایەتیش نییەو لەگەنجێتیدا تاوانێکی زۆر دەنێری بۆسەر تەرازووی کردەوە خراپەکانت .

پاشان ئایە نازانیت یەکێك لەو حەوت کۆمەڵەی کە لەرۆژی قیامەتدا لەژێر سێبەری عەرشی پەروەردگاردا دەبن کەلەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نییە جگە لەو سێبەرە (وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ اللَّهِ) [البخاري / الجماعة و الإمامة/ ٦٢٩٤]) .

گەنجێکە کەتەمەنی گەنجێتی لەپەرستن‌و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا بەسەر بردبێت، نەك تەمەنی گەنجێتی لەتاوان‌و سەرپێچیدا بەسەر بردبێت‌و بڵێت کەی پیر بووم پاشان گوێڕایەڵی خوای گەورە دەکەم .

بۆیە دەستپێشخەری بکەو تەمەنی گەنجیت لەڕەزامەندی‌و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا بەسەر بەرە تالەژێر سێبەری عەرشی خوای گەورەدا سەرفرازو سەربەرز بیت .

بۆیە مانەوەت لەژیاندا دەرفەتێکە لەلایەن خوای گەورە وە بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ لای بەرنامەکەی .

## چوارەم:

### لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم جوانی خۆم لەدەست دەدەم و خەڵکی بەناشرینم دەزانێت ؟!

**وەلآم:** جوانیو ناشیرینیو خۆشەویستیو ڕق لێبوون بەدەستی پەروەردگارە ئەگەر کەسێك گوێڕایەڵی پەروەردگار بکات ئەوا خۆشی دەوێت، وەکەخۆشی ویست بەجبریل (علیه السلام) دەفەرمووێت: ئەوا من فلآنە کەسم خۆش دەوێت تۆش خۆشت بووێت ئەویش خۆشی دەووێتو پاشان بەفریشتەکانی ئاسمان دەڵێت پەروەردگار فلآنە کەسی خۆش دەوێت ئێوەش خۆشتان بووێت ئەوانیش خۆشیان دەوێت، پاشان خوای گەورە خۆشەویستی ئەو کەسە دەخاتە دڵی خەڵکی سەر ڕووی زەویو خەڵکیش خۆشیان دەوێت.

کەواتە مرۆڤ بەگوێڕایەڵی خوای گەورە خۆشەویستو جوانو شیرین دەبێت لەدڵی خەڵکیدا نەك بەتاوانو سەرپێچی بەڵکو بەمانە خوای گەورە ناشرینو ڕق لێبووی دەکات لەلای خەڵکی، ئایە خۆت چەندەها کەس ناناسیت کەبەشێوازو ڕووکەش زۆر جوان نین بەلآم بەهۆی پۆشینی حیجابو گوێڕایەڵی کردنیان بۆ خوای گەورە لەدڵی خەڵکیدا جوانو شیرینو خۆشەویستن ؟!

وەبەپێچەوانەشەوە چەندەها کەس هەیە لەشێوازو ڕوکەشدا جوانن بەلآم بەهۆی تاوانو سەرپێچیەوە خوای گەورە لەدڵی خەڵکیدا ناشیرینی کردوونو بێ ڕێزو سووکن لەلای خەڵکی .

کەواتە نابێت تەنها تەماشای ڕووە مادیەکە بکەیت، بەڵکو لایەکی تری مەعنەویو غەیبی زیاتر دەور دەبینێت، هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموویت: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (إِنَّهُ لَيَأْتِي الرَّجُلُ الْعَظِيمُ السَّمِينُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ، اقْرَءُوا: [فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا]). [البخاري / التفسير/ ٤٤٥٢]. واتە: لەڕۆژی قیامەتدا پیاوێکی زۆر قەڵەو دەهێنن کەدەیکێشن لای خوای گەورە کێشی باڵە مێشوولەیەکی نیەو سووکە، چونکە فەرمانی خوای جێبەجێ نەکردووە چەندێك قەڵەو بێت بەڵام لەتەرازووی خوای گەورەدا سووكو بێ نرخە. ئەم ئایەتە بخوێننەوە کە خوای گەورە دەفەرمێت: لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ کێشو نرخێکیان بۆ دانانێین.

کەواتە جوانی تۆش لەپۆشینی پۆشاکی حورمەتو حیشمەتدایە، نەك لە دەرخستنی جوانی خۆت بۆ پیاوانی نامەحرەمو خۆتو ئەوانیش گوناه بار بکەیت .

پاشان ئایە لەسزای خوای گەورە ناترسیت کەلەهەر دوو دونیادا سزات بداتو جوانیەکەت لێ بسەنێتەوە بەهۆی ڕووداوێکەوە وەکو سوتاندن یان نەخۆشی کەبەچاوی خۆت لەوانەیە چەندەها کەس ببینیت کەبەهۆی ڕووداوێکەوە جوانیان لەدەست داوە خوای گەورە هەموو لایەکمان بپارێزێت، جاپەلە بکە لەوەڵامدانەوەی فەرمایشتی خوای گەورەو گومانو وەسوەسەی شەیتان وەلا بنێ تابەختەوەری هەردوو دونیا بەدەست بێنیت ان شاء الله .

## پێنجەم:

### لەوانەیە بڵێیت لە پاش هاوسەرگیری حیجاب دەپۆشم؟!

**لە وەڵامدا دەڵێین:** ئایە دڵنیات کەدەمێنیت تا ئەو کاتەو ئەجەل یەخەت ناگرێت ؟!

بێگومان نەخێر کەس نازانێت سبەی چی بەسەردێت نەك کاتێکی درێژتر وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ﴾ (لقمان: ٣٤).

واتە: هیچ کەسێك نازانێت سبەی چی بەسەردا دێت وەهیچ کەسێکیش نازانێت لەچی شوێنێکدا دەمرێت .

کەواتە تۆ نازانیت ئایە دەگەیتە ئەوکاتە یان نا، بەڵکو چەندەها ڕووداومان بینیووەو بیستووەو کەلەکاتی زەماوەند کردندا بووك یان زاوا یان هەردووکیان بەڕووداوێك یان کارەساتێك گیانیان لەدەست داوە لەکاتێکدا کەپۆشاکی ناشەرعیو لەحاڵەتی ئاهەنگ گێڕانی ناشەرعی کەئەویش دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارو ترسناکە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: (**إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بالخَواتيم**) أخرجه أحمد (٥/٣٣٥ ، رقم ٢٢٨٨٦), والبخارى (٦/٢٤٣٦ ، رقم ٦٢٣٣) ، وابن حبان (١٤/٥٠ ، رقم ٦١٧٥).

واتە: کردەوەی مرۆڤ تەنها بەکۆتاییەکەیەتی» .

واتە کردەوەی مرۆڤ بەچی کۆتایی هات ئەوەی بۆ حساب دەکرێت، ئەگەر کەسێك لەسەر تاوانو سەرپێچی بمرێت ئەوە نیشانەی سەرئەنجام شەڕیو

خراپیە، وەئەگەر لەسەر گوێڕایەڵی و کردەوەی چاك بمرێت ئەوە نیشانەی سەرئەنجام خێری و باشی و بەهەشتیە .

جا کێ دەڵێت تۆش یەکێك نیت لەوکەسانەی کەلەکاتی ئەو تاوان و سەرپێچیەدا مردن ڕووبەڕووت نابێتەوە، وەك ئیمامی شافعی دەفەرموێت:

وكم من عروس زينوها لزوجها

وقد قُبضت أرواحهم ليلة القدر

واتە: چەندەها بووك ڕازێنرانەوە بۆ هاوسەرەکانیان

بەلاّم لە شەوی بەیەك گەیشتندا کفنیان بۆ دوراو خرانە ناو کفن و ڕۆحیان کێشرا.

پاشان ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لەتاوان و حیجاب نەپۆشین تا ئەوکاتە کێ دەڵێت خوای گەورە یارمەتیت دەدەت لەوکارەدا؟

یاخود تۆش کەسێکی خراپ نابیت کەژیانت لەگەڵیدا نەگونجێت؟

یاخود ئەو کاتە ئەو ڕێگریت لێبکات لەپۆشینی حیجاب؟

ئەوانە هەمووی پیلانی شەیتانەو بەقسەی شەیتان مەکەو شوێنی مەکەوە تا فریوت نەداتو بەرەو دۆزەخت نەبات چونکە ئەوبانگی خەڵکی دەکات بۆ دۆزەخ نەك بۆ بەهەشت ﴿إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ۝٦﴾ (فاطر: ٦)

خوای گەورە بمان پارێزێت لەشەیتانی جنی و مرۆڤ.

## شەشەم:

## لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم مەگەر واز لە خۆشیەكانی دونیا بێنم ؟!

**لەوەڵامدا دەڵێین:** ئەوە بۆچونێكی یەكجار هەڵەیە، چونكە ئەو ئافرەتانەی كەبالاَ پۆشن كەسیان وازیان لە خۆشیەكانی دونیا نەهێناوە، بەلاَم باش بزانە خۆشیەكانی ژیانی دونیا دوو جۆرە :

**جۆری یەكەم:** خۆشییەكی ناڕاستەقینەو ڕووكەشو سەراب ئاسا كەشەیتان لەپێش چاوی خەڵكی دەیرازێنێتەوەو جوانی دەكاتو خەڵكی واتێ دەگەیەنێت كە خۆشییەكانی ژیانی دونیا بریتیە لە بەزاندنی سنوورەكانی خوای گەورەو ئەنجامدانی تاوانو قەدەغە كراوەكان، وەگومانیان بۆدروست دەكات كە بەتاوانو سەرپێچی دەگەنە خۆشی ژیانی دونیاو بەختەوەرو ئاسودە دەبن، بەلاَم لەڕاستیدا مرۆڤ چەندێك تاوان ئەنجام بدات زیاتر بەدبەختو دڵ تەنگو خەفەتبار دەبێتو خێرو خۆشی لەخۆی نابینێت، خوای گەورە بەڕاشكاوی ئەم ڕاستیەمان دەخاتە پێش چاو و ئاگادارمان دەكاتەوە لەتاوانو سەرپێچیو دەفەرموویێت: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِيٓ أَعْمَىٰ وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا ﴿١٢٥﴾ قَالَ كَذَٰلِكَ أَتَتْكَ ءَايَٰتُنَا فَنَسِيتَهَا ۖ وَكَذَٰلِكَ ٱلْيَوْمَ تُنسَىٰ﴾ (طه: ١٢٤ – ١٢٦).

**واتە:** هەرکەسێك پشت بكات لەدینو قورئانەكەی من ئەوە لەژیانی دونیادا ژیانێكی تەنگو تەسكو خەفەتباری دەبێت، وەلەڕۆژی قیامەتیشدا بەكوێری حەشری دەكەین ئەویش دەڵێت ئەی پەروەردگار بۆچی بەنابینایی حەشرم دەكەیت خۆمن لەدونیا چاو ساغ بووم، خوای گەورەش دەفەرمووێت تۆ لەدونیا ئایەتو دینەكەی منت پشت گوێ خستو لەیادت كرد لەسزای ئەوەدا تۆش ئەمڕۆ دەبێت لە سزادا بمێنیتەوەو وەڵامت نادرێتەوە» .

جا بەم جۆرە ڕووكەشە هەڵ نەخەڵەتێن چونكە ئەوە سەر ئەنجامەكەیەتی لە دونیاو دوا ڕۆژدا .

**جۆری دووەم:** خۆشیەكی ڕاستەقینە وەحەقیقیە كەلەجێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەیەتی (ﷺ) كەمرۆڤ چەندێك لەدروستكارەكەی نزیك بێتەوە بەگوێرایەڵی كردنو پەرستنی ئەوە زیاتر دڵ خۆشو بەختەوەری دەكات، كێ هەیە بەئەندازەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەكانی (خوای گەورە لێیان ڕازی بێت)و شوێن كەوتوانیان بەختەوەرو ئاسوودە بوو بێت، ئەوان سەرەڕای نەبوونیو برسێتیو ژیانێكی سادە بەڵام زۆر دڵ خۆش بوونە تاوەكو فەرموویانە: ( **والله إننا في لذة لو علمها الملوك وأبناء الملوك لجالدونا عليها بالسيوف**) (وصفة العمر، ص١، د.علي بن عمر بادحدح).

واتە: سوێند بە خوای گەورە ئێمە لەخۆشیو شادیو لەزەتێكداین كەئەگەر پاشاو كوڕەكانیان بزانن ئێمە چەندە ئاسوودەین ئەوە بەشمشێر دەمانكوژن

لەسەری،پاشان خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ قُلۡ مَنۡ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخۡرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزۡقِۚ قُلۡ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا خَالِصَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ ﴾ (الأعراف: ٣٢).

**واتە:** ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ کێ ئەو جوانیو ڕازاوەییەی ژیانی دونیای قەدەغەو حەرام کردووە کەخوای گەورە بۆ بەندەکان دەرکردووەو ئاشکرای کردووە، هەروەها ئەو هەموو خواردنە بەتامو بەلەزەتو حەلاڵانەی کە خوا پێی بەخشیون؟ پێیان بڵێ لەژیانی دونیادا بۆ باوەڕدارانەو خەڵکی تریش سوودمەند دەبێت لێیانو چێژیان لێ وەردەگرن، بەلاّم لەڕۆژی قیامەتدا تایبەتە بەباوەڕدارانو خەڵکانی بێ باوەڕی لێ بێبەش دەکرێت .

کەواتە جوانیو ڕازاوەیی ژیانی دونیا خوا بۆ باوەڕدارانی ڕەخساندووە نەك ئەوەی باوەڕدارو بالاّ پۆشە لێی بێ بەش بێت!!

## حەوتەم:

### لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم خەڵکی توانجم لێ دەدات و ڕەخنەم لێ دەگرێت و لۆمەم دەکەن؟!

**لەوەڵامدا دەڵێین:** ئەوە قسەیەکی جێگیرو دامەزراو نیەو تاڕادەیەك حەقیقەتی نیە، چونکە سوپاس بۆ خوا تۆ لەناو موسڵماناندا دەژیت‌و لەناو گاورو جوولەکەدا ناژیت تاخەڵکی گاڵتەت پێ بکات، وەبەهەزارەها ئافرەت بالاَ پۆشن‌و کەس توانجیان لێ نادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوەندەی ئافرەتی بالاَ پۆش ڕێزی لێگیراوە ئافرەتی سفوور بەو شێوازە نییە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا پاشان ئافرەتی باوەڕدار نابێت لە لۆمەی لۆمەکاران بترسێت لەحەقدا، خوای گەورە لەوەسفی باوەڕداراندا دەفەرمووێت: ﴿وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ﴾ (المائدة: ٥٤).

**واتە:** لەحەقدا لەجێ بەجێ کردنی دینی خوادا لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن‌و گوێی پێ نادەن، بۆچی لەڕەخنەو لۆمەی خەڵکی دەترسیت بەلاَم لەڕەخنەو لۆمەو سەرزەنشت کردنی پەروەدگارەکەت ناترسیت‌و شەرمی لێناکەیت‌و گوێڕایەڵی ناکەیت کە لەقوئانی پیرۆزدا چەندەها ئایەتی بۆ تۆو ئافرەتانی تر نادۆتەوە خوارەوە؟!

وەئەو کەسانەی کەلۆمەت دەکەن ئایا دڵسۆزی تۆن‌و بەخەمی تۆوەن‌و لەدڵسۆزی‌و پەرۆشیدا ڕەخنەت لی دەگرن‌و لۆمەت دەکەن؟ یاخود لەنەزانی‌و نەفامی‌و بێ ئاگاییاندا؟! .

وەئەگەر تۆ بەقسەی ئەوان بکەیتو گوێ ڕایەڵیان بکەیت چی پاداشتێکت لەوانەوە دەست دەکەوێت؟!

دڵنیابە جگە لەپەشیمانیو سزای دونیاو دوارۆژ هیچی ترت دەست ناکەوێت جاوریابەو گوێ بەو شتانە مەدە گوێڕایەڵی خوای گەورە بکە پەیمانی داوە لەدونیاو قیامەت پاداشتی گەورەت دەداتەوە، وەپەروەردگار پەیمانی خۆی دەباتە سەرو پەیمان ناشکێنێت.

## هەشتەم:

### لەوانەیە بڵێیت ئەگەر حیجاب بپۆشم کەس منی ناوێت و هاوسەرگیرم دوا دەکەوێت یاخود هەرنابێت؟!

**لەوەڵامدا دەڵێین:** بەپێچەوانەوە هەرکەسێك لەخوا بترسێتو خۆپارێزبێت لەتاوان ئەوە خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان دەکاتو دەروی خێری لێ دەکاتەوەو ڕزقو ڕۆزی فراوانی بەسەردا دەڕێژێت، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مِنۡ أَمۡرِهِۦ يُسۡرٗا ﴿٤﴾ ﴾ (الطلاق: ٤). وەدەفەرمووێت: ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا ﴿٢﴾ وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ ﴾ (الطلاق: ٢ – ٣).

وەئەم شتەش لەواقیعدا ڕەنگی داوەتەوە ئەوەندەی ئافرەتانی بالاپۆش پرۆژەی هاوسەرگیریان ئاسانەو داخوازی کاریان زۆرە ئافرەتانی تر بەم شێوازە نین، بەڵکو زۆر ئافرەت هەیە لەشێوازو ڕووخساردا وانیە بەڵام ڕەوشتو ئاکارو ڕەفتارو بالاّ پۆشیەکەی وای کردووە کەداخوازی کاری زۆربێتو زوو دابمەزرێت، هەروەها بەتەنها دامەزراندن گرنك نیە بەڵکو بەختەوەر بوونو گونجاندنو بەردەوامی گرنگە کە ئەمەش بەدەستی خوای گەورەیە هەرکەسێك دوور بێت لەتاوانو سەرپێچیو، گوێڕایەڵی خوای گەورە بکات ئەوە خوای گەورە لەم پرۆژە گرنگەدا سەرکەوتووی دەکاتو یارمەتی دەداتو کار ئاسانی بۆ دەکاتو کۆسپو تەگەرەکانی سەر ڕێگای ژیانی بۆ لادەبات بەڵام ئەگەر ئافرەتێك جوانی خۆی بۆ خەڵکی نامەحرەم دەربخاتو خۆی دانەپۆشێت ئەگەر هاوسەر گیریش بکات سەرکەوتوو نابێتو ژیانی پڕدەبێت لەتاڵیو ناخۆشیو ئاژاوەو سەر ئەنجامەکەشی جیابوونەوەو بێزار بوون دەبێت لەژیانی هاوسەرگیری .

جابزانە ئەوەش گومانو وەسوەسەیەکی تری شەیتانە بۆ ئەوەی حیجاب نەپۆشیتو بەردەوام بیت لەتاوانو سەرپێچی کردنی پەروەدگارت تاتۆش وەکو خۆی بەرو دۆزەخ پەلکێش بکات، ئاگاداربەو بەقسەی نەکەیتو پەلە بکە لەوەڵامدانەوەی خوای گەورە تابەبە هەشتی پانو بەرینت شاد بکات لەدونیاش ئاسوودەو بەختەوەرت بکات.

## نۆیەم:

### لەوانەیە بڵێیت لەسەرم نوسراوە کەبالاپۆش نەبم و بەدەست خۆم نییەو دەسەلاتم نییە ؟!

**لەوەڵامدا دەڵێین:** مرۆڤ کە کردارەکانی لەسەر نوسراوە مانای ئەوە نیە کەخۆی هەڵبژاردنو دەسەلاتی نەبێت، بەڵکو خوای گەورە زانستێکی ئەزەلی هەیە پێش ئەوەی مرۆڤ دروست بکات دەزانێت کەدروستی بکات رێگای خراپ هەڵدەبژێرێت بەویستی خۆی پاشان ئەم هەڵبژاردنەی خۆی بەویستی خۆی دەنووسێت، نەك خوای گەورە مرۆڤ ناچار بکات کەدەبێت خراپە بکاتو پاشانیش سزای بدات، ئەمە دادپەروەری نیەو کرداری خوای گەورە نییە، بەڵکو خوای گەورە مرۆڤی سەرپشك کردووە وەتواناو ویستی پێ بەخشیوە، وەرێگای راستو خراپی بۆ روون کردۆتەوە: ﴿ وَهَدَيْنَٰهُ ٱلنَّجْدَيْنِ ﴿١٠﴾ ﴾ (البلد: ١٠) تابەویستی خۆی یەکێکیان هەڵبژێرێت، ئەم شتەیش لەواقعیدا زانراوەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، تۆ کە سفوری خۆت هەڵتبژاردووەو کەس زۆری لێ نەکردووی، وەلەهەموو کردەوەکانی تریشتدا بەهەمان شێوە، بۆ نموونە ئەگەر زلەیەك لە هاورێکەت

بدەیت کە ووتی بۆ وات کرد؟ تۆش لەوەڵامدا بڵێیت دەسەڵاتم نەبوو لەسەرم نوسرابوو کەئەو زلەیەت لێ بدەم، ئایە ئەم بیانووەت لێ قەبووڵ دەکات ؟! یاخود بەکەسێکی شێتت لەقەڵەم دەدات ؟پاشان ئەگەر لەدادگا شکات لەکەسێك بکرێت کەدەست درێژی کردبێت یاخود پێشێلی یاسای کرد بێت لەوەڵامدا بڵێت لەسەرم نوسرابوو ئایە لێی قبولّ دەکرێت یاخود سزای بەسەردا دەسەپێنرێت؟، بێگومان سزا دەدرێت .

جائەم بیانووە کە خوا لەسەرمی نوسیووە ئەگەر ڕاست بووایەو وەربگیرایە ئیتر تاوان نەدەما لەسەر زەوی کەئەنجام نەدرێتو زوڵمو ستەم پیادە دەکراو دەبووایە دادگاکانو فەرمانگەکانو سزاکانو بەندیخانەکان هەموو هەڵبووەشێنرایەتەوە چونکە هەرکەسێك تاوانو سەرپێچی دەکات ئەوبێ تاوانەو لەسەری نوسراوە!!! کەواتە ئەمە گومانێکی یەکجار پووچەڵو بێ بنەمایە .

لەسەردەمی ئیمامی عومەردا (رضي الله عنه) پیاوێك دزی کردو جێگیر بوو لەسەری ویستیان دەستی ببڕنەوە چونکە دزی کردووە ئەویش ووتی : ( مهلاً يا أمير المؤمنين فإنما سرقت بقدر الله ).

**واتە:** پەلە مەکە ئەی خەلیفەی موسڵمانان دەستم مەبڕە چونکە من دزیم کردووە خوا لەسەرمی نووسیوەو خۆم تاوانبار نیمو **دەسەڵاتم نیە، ئیمامی عومەریش فەرمووی:** ( ونحن إنما نقطع بقدر الله ) (مجموع فتاوى ورسائل الشيخ ابن عثيمين، الإيمان القدر: ٥/١٤١).

**واتە:** ئێمەش خوا لەسەری نووسیووین کەدەستی تۆ ببڕینەوە .

هەروەها ئایە تۆ بۆکاری دونیایی خۆت ئەگەر دووکار هاتە پێشت یەکێکیان کاری سووکو ئاسانەو مانگی بەیەك ملیۆنە، ئەوی تریشیان کارێکی گرانەو قورسە تێیدا زۆر ماندوو دەبیتو مانگی تەنها بەسەد هەزارە ئایە کارە گرانو قورسەکە هەڵ دەبژێریت کەمانگی سەد هەزارت دەست دەکەوێتو پاشان بڵێیت خوا لەسەری نووسیوم ئەم کارە بکەم؟! بێگومان نەخێر دەچیت کارە سووكو ئاسانەکە هەڵدەبژێریت کەمانگی یەك ملیۆنت دەست دەکەوێت .

ئەی بۆچی بۆکاری دونیات باشەکە هەڵ دەبژێریتو خراپەکە هەڵنابژێریتو ناڵێیت خوا لەسەری نووسیوم؟! بەڵام بۆ دینەکەو قیامەتەکە خراپەکە ((سفوری)) هەڵ دەبژێریتو دەڵێیت خوا لەسەری نووسیوم، کەواتە بۆ قیامەتیش باشەکە هەڵ بژێرە ((بالاْ پۆشی)) پاشان بڵێ خوا لەسەری نووسیوم.

هەروەها ئەگەر بتەوێت سەفەر بکەیت بۆ شارێك پێت بووترێت دوو ڕێگا هەیە کەدەتگەیەنێت بەوشارە ڕێگای یەکەم ڕێگایەکی لاڕێیەو دوورەو چۆڵەو پڕ مەترسیەو ڕێگرو چەتەی لێیەو مرۆڤ تیادەچێت ئەگەر لەو ڕێگایەوە بڕوات، ڕێگای دووەم ڕێگایەکی نزیكو ئاشناو ئاوەدانو سەلامەتە مرۆڤ بەئاسانی دەگات بەو شارەو هیچ مەترسیەکی تێدانیە، ئایە تۆ کام ڕێگایەیان هەڵدەبژێریت؟! بێگومان ڕێگا نزیكو ئەمینو سەلامەتەکە هەڵ دەبژێریتو ناچیت ڕێگا دوورو چۆڵو مەترسیدارەکە هەڵ بژێریتو بڵێیت خوا لەسەری نووسیوم، کەواتە بۆ قیامەتیش کەزۆر سەختە ڕێگا سەلامەتو ئەمینەکە هەڵبژێرە تابەئاسانی بتگەیەنێت بە بەهەشت (کەڕێگای ڕاستیو خوا پەرستیو بالاْ پۆشیە) فیڵ لەخۆت مەکەو ڕێگای خراپو تاوانو سەرپێچیو سفووری هەڵمەبژێرەو بڵێیت خوا

لەسەری نووسیووم، ئێستا ئەم گومانەی شەیتانت بۆ ڕوون بووەوە چیتر خۆت مەخەڵەتێنەو بەقسەی شەیتان مەکە تابەرەو دۆزەخت نەبات.

## دەیەم:

## لەوانەیە بڵێیت حیکمەت چیە لە پۆشینی حیجاب؟!

**لەوەڵامدا دەڵێین:** گەورەترین حیکمەت لەپۆشینی حیجاب بریتیە لەجێ بەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورە کەدەفەرموویێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ ﴾ (الأحزاب: ٥٩)

**واتە:** ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخێزانەکانتو کچەکانتو ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ خۆیان داپۆشنو لەچکەکانیان شۆڕ بکەنەوە بۆسەر سینگیان، ئەوە باشترە کەپێ ی دەناسرێنەوە کەداوێن پاکنو لەلایەن پیاوانی خراپەوە ئازار نادرێن.

هەروەها حیکمەتێکی تر بریتیە لەدەست خستنی ئەجرو پاداشتێکی زۆر لەقیامەتدا وەبەختەوەریو ئاسودەیی لەدونیادا بۆخۆپارستن لەئاگری دۆزەخ چونکە ئەو ئافرەتانەی کەپۆشاکی شەرعی لەبەر ناکەن هەڕەشەیان لێکراوە بەئاگری دۆزەخ (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا: قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ، مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ: رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لَا

يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا).( أخرجه مسلم ( ٨ / ١٥٥ ) و البيهقي ( ٢ / ٢٣٤ ) و أحمد ( ٢ / ٣٥٥ - ٣٥٦ و ٤٤٠ ) (وانظر حديث رقم : ٣٧٩٩ في صحيح الجامع الصغير).

**واته:** دوو کۆمەڵ هەن لەئوممەتەکەم ئەهلی دۆزەخن بەڵام لەسەردەمی منداً نین‌و من نەیانم بینیووە لەپاش من پەیدا دەبن :

یەکەمیان" کەسانێکن قامچیان بەدەستەوەیە وەك کلکی مانگا وایە بەناحەق لەخەڵکی پێ دەدەن .

دووەمیان" ئافرەتانێکی پۆشتەی رووتن ((جلیان لەبەرە بەڵام خوای گەورە حیسابی رووتیان بۆ دەکات چونکە تەنکە یاخود تەسکە یاخود کورتە)) بەلارو لەنجە بەسەر زەویدا دەڕۆن‌و سەرنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، قژەکانیان وەك بان پشتی وشتر بەرز دەکەنەوە لەبان سەریان، ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە بەڵکو بۆنی بەهەشتیش ناکەن، هەرچەندە بۆنی بەهەشت لەدووری چل ساڵەوە دێت، کەواتە ئەو ئافرەتانە نەك هەر ناچنە بەهەشتەوە بەڵکو دووری چل ساڵ ڕێ لەبەهەشتەوە دوورن‌و لەناو ئاگری دۆزەخدان ((خوای گەورە بمان پارێزێت))، کەواتە ئایە ئەوە حیکمەت‌و داناییی‌و کار بەجێیی‌و هۆشمەندی‌و ژیری نییە کەتۆ خۆت لەئاگری دۆزەخ بپارێزیت‌و بچیتە بەهەشتەوە بەهۆی پۆشینی حیجابەوە؟!

وەئایە گەورەترین ستەمت لەخۆت نەکردوە کەبەدڵنیاییی بزانیت ئەم کارەت هۆکارە بۆچوونە دۆزەخ و وازی لێ نەهێنیت و بەسەر نەفس و شەیتاندا زاڵ نەبیت و گوێڕایەڵی ئەوان پێش گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەیت؟ لەڕیواتێکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: ((**فَإِنَّهُنَّ ملعونات**)) ( سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٦٨٣).

**واتە:** ئەو ئافرەتانەی ئەوە سیفاتیان بێت و خۆیان دانەپۆشن ئەوانە نەفرەت لێکراون و خوای گەورە دەریانی کردووەو دووریانی خستۆتەوە لەڕەحمو سۆزو بەزەیی و میهرەبانی خۆی، ئەو ڕەحمەتەی کەئەوەندە گەورەو فراوان و زۆرە بەفراوانی ئاسمانەکان و زەوی وەك دەفەرموووێت: ﴿ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ﴾ (الأعراف: ١٥٦).

ئایە ڕازیت بەهۆی نەپۆشینی حیجابەوە بێ بەش بیت لەڕەحمەتی خوا ؟؟!! یان دووربیت لەمیهرەبانی خوای گەورە؟؟!! خۆئەگەر لەشتێکی دونیایدا بێ بەش بکرێت (وەك ئەوەی لەهیچ کۆلێژو پەیمانگایەکدا وەرنەگیرێت، یاخود لەهیچ دامو دەزگایەك دانەمەزرێیت، یاخود مووچەت پێ نەدرێت، یاخود ...) ئەوا ژیانت لێ تاڵ دەبێت و هەموو هەوڵ و توانات بەگڕ دەخەیت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شتە دونیاییە، ئەی بۆچی بۆ نزیك بوونەوە لەخوای گەورەو سۆزو میهرەبانی و ڕەحمەتی بڕیارێکی بوێرانە نادەیت و حیجاب بپۆشیت ؟! تاڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بێنیت؟!

هەروەها حیكمەتێكی تر لەبالآپۆشی ئەوەیە كەخۆت داپۆشی كاریگەری خراپت بەسەر كوڕانەوە نابێتو پارێزراو دەبیتو زیانت بۆیان كەمتر دەبێت یان هەرنابێت،ئایە نابینیت بەهۆی تێكەلآوی‌و خۆدانەپۆشینی كچان لە خوێندنگەو پەیمانگاو زانكۆكان چی كاریگەرێكی خراپی كردۆتە سەر خوێندكارە كوڕەكان بەشێوازێك ئاستی خوێندن زۆر دابەزیووە لەهەموو شوێنەكانی خوێندنا چونكە مێشكو بیرو هۆشی لای خوێندنو زانست و زانیاری نییەو زۆرێك لە گەنجان ئەلێی بەنج كراون یاخود مادده هۆشبەرەكانیان خواردووە ئاگایان لەخوێندن نەماوەو بیریان تەنها لای كچانە، ئەمەش زیانێكی زۆری هەیەو زەبرێكی كوشندەی لەزانستو زانیاری‌و داهێنانو فێربوون داوە بەلآم بەسەر خۆمانی ناهێنین‌و خۆمانی لێ بێ ئاگا دەكەین .

هەروەها حیكمەتێكی ترلەخۆداپۆشینی ئافرەتان ئەوەیە كە كەمتر كوڕان نەزەریان لێدەكەن بەلآم كەخۆیان دانەپۆشن زیاتر سەرنجی كوڕان بەلای خۆیاندا ڕادەكێشنو تووشی نەزەرو تێڕوانینی حەرامیان دەكەنو ئەوكاتە سەرەڕای ئەوەی كوڕان تاوانبار دەبن پشكی گەورەی تاوانەكە دەكەێتە سەرئافرەتان، خوای گەورەش دەفەرمووێت :

﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ ﴾ (النور: ٣٠)

**واتە:** ئەی محمد (ﷺ) بەپیاوانی باوەڕدار بڵێ باچاویان بپارێزن لەتێڕوانینی حەرام بۆ ئافرەتانو داوێنی خۆیان بپارێزن چونكە ئەوە بۆیان پاكترو چاكترە .

بۆیە تـاوانی خـەڵکانی تـریش بانەیاتـە سەرشـانی تـۆ، چـونکە لەوانەیـە لـەماوەی مانگێکدا بۆنموونە بەسـەدەها جـار لەلایـەن کوڕانـەوە تەماشـا بکرێیـتو سـەدەها تاوان بێتە سەرشانتو تەرازووی کـردەوە خراپـەکانت قـورس بکـەنو تـۆ بـەخۆت نازانیـت تائـەو ڕۆژەی کـە دەچـیتەوە خزمـەت پـەروەردگارت ئەوکاتـە هـەموو ڕاسـتیەکانت بـۆ دەردەکـەوێتو پەشـیمان دەبیتـەوە کـە پەشـیمانی دادی هـیچ کەسێك نادات لەو ڕۆژەداو هیچ سوودێکی نییە، بۆیە پێش ئـەوەی ئـەو ڕۆژە بێـت پەلە بکەو دەستپێشخەری بکە لە پۆشینی حیجاب تاببیت بەپێشەواو پێشەنگ لـە چاکەداو هاوڕێکانیشت چاو لەتۆ بکەن ئەوکاتە پاداشتی ئەوانیش بۆ تۆ دێت بەبێ ئەوەی لە پاداشـتی خۆیـان کـەم بێتـەوە، وەك پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرمووێت: ( الدَّالُّ عَلَى الْخَيْرِ كَفَاعِلِهِ ) (انظر حديث رقم : ٣٣٩٩ في صحيح الجامع الصغير).

**واتە:** ئەوەی ڕێنمایی خەڵك دەکات بۆ چاکە وەکو ئـەوە وایـە کـەخۆی ئـەنجامی دابێت

## یانزەیەم:

### لەوانەیە بڵێیت گرنگ دڵەو خوا تەماشای شێوەو لاشە ناکات بەڵکو تەماشای دڵ دەکات منیش دڵم پاکە ؟!

**لەوەڵامـدا دەڵـێین:** ئەمـە گومانێکـەو زۆر کـەس دەیلێتـەوە وەهەنـدێکیان لـە فەرموودەیەکەوە وەر گرتووە بەناتەواوی کەخوای گەورە تەماشای شێوەو لاشـە ناکـات، کەفەرموودەکـە بەتـەواوی بـەم شـێوەیەیە: عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (إِنَّ اللَّهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى أجسامكم ولا الى صُوَرِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ) أخرجه: مسلم ٨/١١ ( ٢٥٦٤ ) ( ٣٤ ) .

**واتە:** خوای گەورە تەماشای لاشەو شێوازتان ناکات (کەجوانـە یـاخود ناشـرینە، قەڵەوە یاخود لاوازە، ڕەشە یاخود سپیە، چونکە ئەمانە پاداشتو سـزای لەسـەر نییەو خوای گەورە مرۆڤی بەو شێوازە دروسـت کـردووەو مـرۆڤ دەسـەڵاتی خـۆی تێدا نییە)) بەڵکو تەماشای دڵو کردەوەکانتان دەکات.

پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیە دڵو کردەوەی بەیەکەوە هێنا چونکە ئەگەر دڵ بـاش بێـت ئـەوا کـردەوەش بـاش دەبێـت وە دڵ خـراپ بێـت کـردەوەش خـراپ دەبێت، بەمانایەکی تر خراپی کردەوەو تاوان بەڵگەیە لەسەر خراپـی دڵ چـونکە ئەگەر دڵەکە باشو پاک بوایە ئەوا کردەوەکانیش باشو چاکو پاک دەبوون نەک تاوانو سەرپێچـی، کەواتـە کـەتۆ سەرپێچـی فـەرمانی خـوای گـەورەو پێغەمبـەر (ﷺ) دەکەیت بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەدڵت پاکو باش نیە بۆیـە کردەوەکانـت بـاش نیـەو تـاوانو سەرپێچیە، وەکـو لەفەرموودەیـەکی تـردا پێغەمبـەر(ﷺ) بەڕاشـکاوی ئامـاژە بـۆ ئـەم ڕاسـتیە دەکـاتو دەفـەرموێت : (أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ

**مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ)**. [البخاري / الإيمان/ ٥٢].

**واتە:** ئاگادابن‌و بزانن پارچە گۆشتێك لەناو لەشدا هەیە ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە پاك‌و چاك بێت ئەوا هەموو لەش پاك‌و چاك دەبێت، وەئەگەر ئەو پارچە گۆشتە خراپ‌و پیس بێت ئەوا هەموو لەش خراپ‌و پیس دەبێت، ئەو پارچە گۆشتەش بریتیە لەدڵ.

کەواتە دڵپاك ئەو کەسەیە کە کردەوەکانی بەگوێرەی قورئان‌و سوننەت بێت نەك بەگوێرەی هەواو ئارەزوو نەفس‌و شەیتان بێت، بەگوێرەی ئەم قسەیە بێت کێ تاوانی ئەنجامداو سەرپێچی کرد بڵێین ئایە دڵت پاکە یان نا؟ ئەگەر ووتی دڵم پاکە دەبێت هیچی لەگەڵدا نەووترێت‌و دەست خۆشی لێبکرێت لەسەر دڵە پاکەکەی !!!

**هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر ئەم گومانەی شەیتان پووچەڵ دەکاتەوە** (قَالَ حُذَيْفَةُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ: **(تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا، فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ، وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ، حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ: عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا فَلَا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ، وَالْآخَرُ أَسْوَدُ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا، لَا يَعْرِفُ مَعْرُوفًا وَلَا يُنْكِرُ مُنْكَرًا، إِلَّا مَا أُشْرِبَ مِنْ هَوَاهُ)**. (رواه مسلم، وانظر حديث رقم: ٢٩٦٠ في صحيح الجامع الصغير)

**واتە:** فیتنەو ئاشوب و تاوان ڕوودەکەنە دڵەکان و دەوری دڵەکان دەدەن جار لەدوای جارو بەردەوام، جاهەردڵێك وەری بگرێت‌وتاوان ئەنجام بدات ئەوە خاڵێکی ڕەشی تێ دەکەوێت، وەهەر دڵێك نەیکات‌و نکۆڵی لێ بکات خاڵێکی سپی

تێدەکەوێت تـاوای لێـدێت دڵـەکان دەبـن بـەدوو دڵ، دڵێکـی سـپی پـاكو بێگـەرد کەهیچ ئاشووبو تاوانێك زیانی پـێ ناگەیـەنێت بەبـەردەوامی زەوی ئاسمانـەکان، وەدڵێکی تری ڕەشی تاريكو ولێڵو بـۆرو لادەر لەدامـەزراوی نەچـاکە دەناسـێتو نەبەرهەڵستی خراپـە دەکـات مەگـەر ئـەوەی بەهـەواو ئـارەزووی خـۆی ئـەنجامی بدات.

کەواتـە ئـەو کەسـانەی بـەردەوامن لـەتاوان وەکـو خۆدانەپۆشـینی ئافرەتـانو نەپۆشـینی حیجـابو دەرخسـتنی جـوانی خۆیـان بـۆ پیـاوانی نامـەحرەم ئەمانـە بەهۆی بەردەوامیان لەسەر تاوان دڵیان تەواو ڕەش بـووە، نـازانن کامـە چـاکەیەو کامە خراپەیە بۆیە زۆر بەلایانەوە ئاساییە کەتاوان دەکەنو خۆیان داناپۆشن نەك لەدڵ پاکیانەوە بێت هەروەکو چـۆن پێغەمبـەر (ﷺ) بەڕاشـکاوی ئـەو گومانـەی پووچەڵ کردەوە. کەواتە دەتەوێت دڵت پاكو خـاوێنو بێگـەرد بێـت و ئـەو خاڵـە ڕەشانە بەزووترین کات لەسەر دڵت لاچێتو سپی ببنەوە ئەوا فـەرمانی خـوا جـێ بەجێ بکەو حیجاب بپۆشەو خۆت داپۆشە، تاڕاسـتیەکان وەکـو خۆیـان ببینیـتو شەیتان لێت تێك نەداتو فێڵت لێ نەکات چونکە ئەگەر مەبەستت تێگەیشتن بێت ئـەوا پـیلانو نەخشـەو فێڵـەکانی شـەیتان زۆر لاوازە وەکـو خـوای گـەورە دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾ ﴾ (النساء: ٧٦).

## دوانزەیەم:

### لەوانەیە بڵێیت بۆ لەسەرمانی قورس دەكەن خوای گەورە زۆر بەڕەحمەو إن شاء الله لیمان خۆش دەبێت ؟!!

**لەوەڵامـــدا دەڵـــێین:** بـەڵێ ڕاسـتە خـوای گـەورە زۆر بەڕەحمـەو بەبـەزەییو لێخۆشبووە بەڵام لەهەمان كاتدا خوای گەورە سزای سـەخت (( شديد العقاب ))ە و لێپرسـینەوەی خێرایـەو ( سريع الحساب ) ەو سـیفەتی تـووڕە بـوونی هەیـەو لەچـەندەها شـوێندا هەڕەشـەی سـەخت لـەو كەسـانە دەكـات كـە سەرپێچـی فەرمانـەكانی دەكـەن، لەیـەك ئایەتـدا خـوای گـەورە دەفـەرموویێت: ﴿ نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ۝٤٩ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ ۝٥٠ ﴾ (الحجر: ٤٩ - ٥٠).

**واتـــە:** ئـەی محمـد (ﷺ) هـەواڵ بەبەنـدەكانم بـدە كـەمن بەڕاسـتی لێخۆشـبوو بەبەزەیم وەبەڕاستی سزای من سزایەكی زۆر بەئێش‌و ئازارە.

كەواتە ئەو خوایەی كەبەڕەحمو بەزەییە هـەر ئـەو خوایەیشـە كـەتوڕە دەبێـتو سزات دەداتو سزاكەیشی زۆر بەئێش‌و ئازارە بەڵام خوای گـەورە ڕەحـمو سـۆزی بـۆ ئـەو كەسـانەیە كـەڕەحم بـەخۆیان دەكـەنو دەگەڕێنـەوە بـۆلای خـوا نـەك بـەردەوام بـن لەسـەر تـاوانو بڵێن خـوا بەڕەحمـەو لێمـان خـۆش دەبێـت , ئایـە دەكرێت تۆ لەخوێندنگاو زانكۆ هـیچ نـەخوێنیت و خـۆت ئامـادە نەكـەیتو بڵێیـت خوا گەورەیەو دەردەچینو نـاجیح دەبـین ، ئەمـە فێـڵ كردنـە لـەخۆتو دەبێـت بخوێنیت پاشان بڵێیت خوا گەورەیەو دەردەچین .

شاعیر دەڵێت :

ترجوا النجاة ولم تسلك مسالكها

إنَّ الْسفينة لاتجري على اليبسِ

واتە: بەئومێدی ڕزگار بوونیتو ڕێگای ڕزگار بوونت نەگرتۆتە بەر، بەڕاستی کەشتی لەسەر وشکانی ناڕوات .

ئومێد بوون بەخوا شتێکی زۆر باشە بەلاّم بەکردارو خۆ ئامادە کردنەوەو لە بەرامبەریشدا دەبێت مرۆڤ چەندێك بەئومێدی ڕەحمەتی خواو بەهەشتە ئەوەندەیش لەخوا بترسێتو ترسی دۆزەخی هەبێت، چونکە ئومێدو ترس ((الرجاء والخوف)) دەبێت هاوسەنگ بنو یەکسان بن وەك دووباڵی باڵندەن، چۆن باڵندە ناتوانێت بەیەك باڵ بفرێتو دەکەوێتە خوارەوە، مرۆڤ بەبێ هاوسەنگی (ترسو ئومێد) باوەڕی تەواو نیەو دەکەوێتە ناو دۆزەخ ئەگەر دەست بەرداری یەکێکیان بێت چونکە ئەگەر کەسێك ئومێدی بەڕەحمی خوا نەبێت ئەوا واز لەدونیا دەهێنێتو خۆی یەکلا دەکاتەوە بۆ پەرستنی خوا لەترسی خوادا کەئەمەش لەشەرعدا دروست نییە مرۆڤ بچێتە خەڵوەو لەژیان دابڕێت، وەئەگەر کەسێك ترسی خوای لەدڵدا نەبێت ئەوا هەموو تاوانێك ئەنجام دەداتو لەهیچ ناگەڕێتەوەو بەئومێدیشە لەپێش هەموو کەسیك بچێتە بەهەشتەوە کەئەمەش لە شەرعدا تەواو نیە بەڵکو دەبێت مرۆڤ چاکە بکاتو بەئومێدی بەهەشت بێتو خۆی بپارێزێت لەخراپەو ترسی خوای گەورەی هەبێتو لەسزای خواو دۆزەخ بترسێت، هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) خواناسترینو خواپەرسترین مرۆڤ بووە

لەسـەر ڕووی زەوی ئینجا لـەخوا دەترسـاو دەیفـەرموو: ((اللهم إني أسألك الجنةَ وأعوذ بك من النّار)) (صحيح سنن أبي داود: ٣/٣٧٧).

**واتە:** ئەی پەروەردگار داوای بەهەشتت لێدەکـەمو بەئومێدی چوونە بەهەشتم وەپەنات پێ دەگرم لەدۆزەخو دەترسم لەچوونە دۆزەخ.

**هەربۆیە خـوای گـەورە دەفـەرموویت:** ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾(الزلزلة: ٧ – ٨).

**واتە:** هەرکەسێك بەئەنـدازەی کێشـی گـەردێك خێـرو چاکە بکـات ئـەوا لـەڕۆژی قیامەتدا دەیبینێتەوە وەهەر کەسێکیش بەئەندازەی کێشی گەردێگ شەڕو خراپە بکـات ئـەوە دەیبینێـتەوە، هـەروەها پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموویت: (واللهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا) (انظر حديث رقم: ٢٤٤٩ في صحيح الجامع الصغير).

**واتە:** ئەوەی من دەیزانم دەربارەی سەختی ڕۆژی قیامەت ئەگەر ئێوە بتانزانیایە ئەوا کەم پێدەکەنینو زۆر دەگریان، کەواتە ئەگەر خوای گەورە تـەنها لێخۆشـبوو لێبووردەو بەڕەحمو بەزەیی بوایەو تورە نەبوایـەو سـزای نەبوایـە بـۆ تاوانبـارانو سەرپێچی کـاران ئـیتر بۆچـی دۆزەخـی دروسـت دەکـردو پێغەمبـەرانی دەنـاردو کتێبـی دەنـاردە خـوارەوە؟! بۆچـی خـوای گـەورە ئەوەنـدە وەسـفی دۆزەخـی دەکردو سزاکانی بۆ ئێمە باس دەکرد؟!

کەواتە دەبێت مرۆڤ چاکەکار بێـتو فەرمانـەکانی خـوای گـەورە جێبـەجێ بکـات پاشان بە ئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورە بێت نەك لەسەر تاوان بـەردەوام بێـتو

بلێیت خوای گەورە بەڕەحمو بەزەییەو لیمان خۆش دەبێت، جا ئەگەر خوای گەورە چاکەکارو خراپەکار پێکەوە بخاتە بەهەشتەوە ئیتر مانای جێ بەجێ کردنی فەرمانی خوا چییە؟! نەخێر هەرگیز چاکەکارو خراپەکار، بالاپۆشو دانەپۆشراو، نوێژ خوێنو نوێژنەکەر... هتد، لەتەرازووی خوای گەورەدا یەکسان نین خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿ أَفَنَجْعَلُ ٱلْمُسْلِمِينَ كَٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٥﴾ مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ (القلم: ٣٥ - ٣٦).

**واتە:** ئایە موسڵمانان وەکو تاوانباران تەماشا دەکەینو پاداشت دەدەینەوە نەخێر وانیە ئەمە چی حوکمو بڕیارێکە ئێوە دەیدەن چۆن بڕیادان وادەبێت؟!!

هەروەرها دەفەرموێت خوای گەورە: ﴿ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴾ (ص: ٢٨).

**واتە:** ئێوە وادەزانن کەئێمە باوەڕداران وەك خراپەکارانو ئاشووب گێڕان لەسەر زەوی تەماشا دەکەین، یاخود خواپەرستانو خۆپارێزان لەتاوان وەکو خراپەکاران تەماشا دەکەینو پاداشت دەدەینەوە؟![1]

بێگومان نەخێر وانیە جاتۆش ڕێگای ڕزگاریو سەرفرازی دویاو قیامەت بگرە بەرو پۆشاکی حیشمەتو حورمەت لەبەر بکەو بەئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورەبە نەك لەسەر تاوان بەردەوام بیتو بەئومێدی ڕەحمو سۆزبیتو خۆت بخەڵەتێنی .

خوای گەورە ڕەحم لەهەموو لایەکمان بکاتو هیدایەتمان بدات.

## سیانزەیەم:

**لەوانەیە بڵێیت من چەندەها ساڵە خۆم دانە پۆشیوەو تووشی تاوانێکی یەکجار زۆر بووم و خەڵکێکی زۆریش بە هۆی منەوە تووشی تاوان بوونە تازە خوای گەورە لێم خۆش نابێت بۆیە حیجاب نا پۆشم؟!**

**لەوەڵامدا دەڵێین:** هەرکەسێك تۆبە بکاتو بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت ئەگەر شەریکیشی بۆ خوا دانابێت، ئەگەر کوفری بەخوای گەورە کرد بێت (پەنا بەخوای گەورە) ئیتر چۆن لەتۆ خۆش نابێت کەبگەڕێیتەوە بۆ لای، خوای گەورە دەفەرموووێت: ﴿ قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾(الزمر: ٥٣).

**واتە:** ئەی محمد (ﷺ) بەو بەندانەم بڵێ کەزیادەڕەویان کردووەو ئیسرافیان کردووە لە تاوان کردندا با نا ئومێد نەبن لەڕەحمەتی خوا چونکە بەڕاستی خوای گەورە لەهەموو تاوانەکان خۆش دەبێت وەبەڕاستی خوای گەورە لێخۆشبوو بەبەزەییە، نەك هەر خوای گەورە لەو کەسانە خۆش دەبێت کەتەوبە دەکەن‌و دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە بەڵکو هەرکەسێك بەتەواوەتی‌و بەڕاستی تەوبە بکات ئەوا خوای گەورە خراپەکانی بۆ دەگۆڕێت بە چاکە لەتەرازووی کردەوەکانیدا وەکو دەفەرموێت: ﴿ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍۗ ﴾ (الفرقان: ٧٠ ).

**واتە:** هەرکەسێك تەوبە بکاتو باوەڕ بێنێـتو کردەوەی چاك ئەنجام بدات ئەوانە خوای گەورە کردەوە خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بەچاکە .

وەپێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (التَّائِبُ مِنَ الذَّنْبِ كَمَنْ لاَ ذَنْبَ لَهُ) (انظر حديث رقم : ٣٠٠٨ في صحيح الجامع الصغير).

**واتە:** ئەو کەسەی کە تەوبە دەکات وەکو ئەو کەسە وایە کەهیچ تاوانێکی نەبێت . وەپێغەمبەر (ﷺ) بەسەر هاتی ئەو پیاوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەسەد کەسی بەناحەق کوشتووە بەڵام کەتەوبە دەکات خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، جا خۆ تاوانی تۆ وەکو تاوانی ئەم کەسە نیەو زۆر لەم تاوانە کەمترە بەڵکو هەر قیاس ناکرێت جا پەلە بکە بەرەو لێخۆشبوونی خوای گەورەو تەوبە بکەو ڕووبکەرە خوای گەورەو خۆت داپۆشەو حیجاب بپۆشەو دڵنیابە خوای گەورە لێت خۆش دەبێت إن شاءالله.

ئەمە هەندێك بوو لە گومانو بیانوی ئەو خوشکانەی کە تا ئێستا بەردەوامن لە سەرپێچی کردنی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەیو پۆشاکی شەرعی ناپۆشنو خۆیان داناپۆشنو جوانی خۆیان بۆ پیاوانی نا مەحرەم دەردەخەن، کە بە بەڵگەی قورئانو سوننەتو عەقڵ وەڵامیانم دایەوەو گومانەکانیانم هەڵوەشانەوە، کە ئەگەر لە داهاتوویش هەر گومانێکی تری ببیستین ان شاو الله وەڵامی دەدەینەوە بە ئومێدی ئەوەی کەسانێکی دڵ زیندو و هۆشمەند سودی لێ ببینن و ببێتە هۆی گەڕانەوەیان بۆ لای خوای گەورە تا ان شاو الله لە دونیاو قیامەت

بەختەوەرو ئاسودەبن‌و پێش ئەوەی کە پەشیمان ببنەوە لە رۆژێك کە پەشیمانی سود بە کەس ناگەیەنێت‌و دادی کەس نادات.

داواکـارم لـه خـوای گـەورە کـە ئـەم کـارەو هـەموو کارەچـاکەکانی ترمـان لێوەربگرێت‌و تەنها لەبەر رەزامەندی ئەو بێت ان شاء الله .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات.